**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لـە یاسای ژمارە(۱)ی ساڵی ۲۰۰۵، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

## یاسای ژمارە( ۹)ی ساڵی / ۲۰۰٦
## یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لـەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ ئەم یاسایە واتاکانی بەرامبەریەتی:ـ

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان لـە هەرێمدا.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان.

**چوارەم :** بریکار : بریکاری وەزارەت.

**پێنجەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئامانجی دەبێ بۆ:ـ

**یەکەم:** دانانی ستراتیژو سیاسەت وپلانگـەلێك بـۆ پەرەپێـدان و گەشـەپێدان ووەبـەرهێنانی دەرامەتە ئاوییەکانی(سەرزەوی و ژێرزەوی)لە هەرێمدا،وئامادە سازی توێژینەوەکانی بەکەڵکهاتنی تەکنیکی و ئابووری بۆ پرۆژەکانی دەرامەتە ئاوییەکان ودروسـتکردنی بەنـداوو پرۆژەکـانی ئـاودێری و پاراسـتن و بەگەرخـستنیان و هەڵـسەنگاندنی دروستی(سـلامة) بەنداوەکان و بەکارهێنانی ئاو بۆ بەدیهێنانی نمونەترین بـەکارهێنانی ئاوو پاراستنی خاکو خۆڵ لە چوارچێوەی پلانە گشتیەکانی هەرێم دا.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم**:دانانی پلانگەلی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە مەترسییەكانی لافاوو كۆنترۆلكردنی سێلاوو گـــۆلی رووبارەكـــان و،ڕێكخـــستن و دابەشـــكردنی ئاوو،چـــاوكردنەوە ووشیاركردنەوەی خەلك لە گرنگیی پاراستنی سامانی ئاو.

**ســـێیەم**:دابینكردنـــی ئـــاو بـــۆ كەرتـــە بەكاربـــەرەكانی ئـــاوی (كـــشتوكاڵ،ئاوی خواردنەوە،بەكارهێنانی نـاو مـاڵ و بـۆ گەشـتوگوزار،بەكارهێنانی بـۆ پیـشەسازی و وەبـەرهێنانی وزەی كارەبـا..هتـد) بـەپێی پلانگـەلی بریـار لەسـەردراو،بەجۆرێ،كە خزمـەتی گەشـەپێدان بكـات لـە هەرێمـدا و ڕای خۆشـی لەسـەر داواكاریـەكانی دامەزراندنی پرۆژەگەلێ دەدات كە پێوەندییان بە كارخستنەكانی ئاوەوە هەبێ.

**چوارەم**:سەرپەرشتیكردن و بەدواداچوون بۆ جێبـەجێكردنی پرۆژەكـانی دەرامەتـە ئاوییـەكان بـــەپێی ئـــەو پلانـــەی كـــە بریـــاری لەســـەردراوە ئەمەش،بەنـــداوەكان و ئەستێلەكان(الخزانات)و پرۆژەكانی ئاودێری دەگرێتەوە.

**پێنجەم**:پاراستنی ئاوی سـەرزەوی و ژێـرزەوی لـە پـۆخڵی و،پێـشتریش لایەنـەكانی ژنیگـە بگرێتەوە، بە جۆرێ كە، لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەكاندا بگونجێ.

**شەشەم**: گرتنەبەری ڕێگای هاوچەرخ بـە مەبەسـتی كەمكردنـەوە لەبـەفیرۆدانی ئـاو لـەكاتی بەكارهێنانیدا لەبوارە جیاكاندا.

## پێكهاتەكانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم**:

**یەكەم**:**وەزیر**:سەرۆكی باڵای وەزارەتەو بەرپرسـە لـە كارەكـانی ئاڕاسـتەكردنی سیاسـەتی وەزارەتەكەو سەرپەرشـتكاری وچـاودێری، هـەموو بڕیـارو فـەرمان و ڕێنماییانـەی پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەلاحییات و كاروباری دیكـەی تـەكنیكی و دارایی وئیداری و ڕێكخستنی وەزارەتەوە هەبێ، بەپێی یاسـا لـە وەزیـرەوە دەرچـێ و،هەرخۆشـی سەرپەرشـتیی جێبـەجێكردنییان دەكـات،و بەرامبـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیرانیش بەپرسە، بەو پێیەی كە ئەندامێكی هاوكـارە لـە ئەنجومەنـداو بـۆی هەیـە هەندێك لە دەسترۆییەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرەگشتیەكان، یان ئەوكەسەی بە گونجاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم :بریکاری وەزارەت:**لە چوارچێوەی ئـەو سـەلاَحییاتەی کـە لەلایـەن وەزیـرەوە پێـی دەسپێردرێ و لە ئاراستەکردن و،سەرپەرشتکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا،یاریدەی وەزیر دەدات، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ و پسپۆر بێت.

**سێیەم :راوێژکاران:** ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نـابێ، مەرجیـشە بڕوانامـەی زانکۆیـان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وکارایی بن.

**چوارەم: نووسینگەی وەزیر:**فرمانبەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆکایەتیی دەکا،کـە بڕوانامـەی زانکۆی هەبێ،ژمارەێك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا،کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ،ژمارەێك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**شەشەم: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت پێك دێت لە:ـ**

**أ- وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان** :بە سەرۆك.

**ب- بریکاری وەزارە:** بەئەندام ولەحالـەتی دابڕانـی وەزیـر سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن دەکات

**ج- بریکاری وەزارەتی کشتوکالْ** : بە ئەندام.

**د- بریکاری وەزارەتی شارەوانی** : بە ئەندام.

**ه- بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن** : بە ئەندام.

**ز- بریکاری وەزارەتی ژینگە** : بە ئەندام.

**و- بریکاری وەزارەتی کارەبا** : بە ئەندام.

**ى-** راوێژکارو خاوەن ئەزمونان،لە ناوەوەی یان لـە دەرەوەی وەزارەتەکە،لەوانـەی کە وەزیربیەوێ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربن و ئەنجومـەنیش هـەرکاتێ پێویـست بکا،بە بڕیاری وەزیر کۆدەبێتەوە.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری ودارایی:**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەیـەکی زانکـۆیی سـەرەتایی بەدەسـتهێنابێ و لـە شارەزا وپسپۆران بێت.

**هەشـتەم: بەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی پـلان دانـان و بەدواداچـوون:** بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەڕێوەی دەبـات کـە بروانامەیـەکی زانکـۆی سـەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆران بێت.

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاودێری و ئاوی سەرزەوەی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆڕان بێت.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاوی ژێزەوی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆڕان بێت.

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداوو کۆگاکانی ئاو:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆڕان بێت.

**دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوەو خشەکێشان:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و لە شارەزا وپسپۆڕان بێت.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیر،بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی،لە شارەزا پسپۆری هەرێم یان دەرەوەی هەرێمدا ڕێك بکەویّ بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك وفرمانەی پێیاندەسپێری،لە ماوەیەکدا کە وەزیر،خۆی بەگونجاوی بزانێ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران،ماف و ئەرکیشیان،لەلایەن وەزیرەوە دیاردەکرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** پێکهاتەو ئەرك وفرمانی وەزارەت بە پێڕەو دیاردەکرێن.

**دووەم:** وەزیر،بۆی هەیە، کاتێك پێویست بکا،بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی نوێ بکاتەوە، یان یەکیانبخا،یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

**سێیەم:** وەزیر،بۆی هەیە ڕێنمایی گەڵێك بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی شەشەم:**

لەهەر یاساو پێڕۆیەکی بەرکاردا(النافذة)ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری هاتبێ و تایبەت بێت بە دەرامەتە ئاوییەکان ئەم وەزارەتە جێگای دەگرێتەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم**:

پێویستە لـە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنــە پەیوەنـدارەکان حوکمــەکانی ئـەم یاســایە جێبەجیٚ بکەن.

**ماددەی هەشتەم**:

کاربە هیچ دەقێك ناکریٚ لـە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم** :

ئەم یاسایە لـە رۆژی دەرچواندنیەوە کاری پیٚ دەکریٚ و لـە رۆژنامــەی(وەقــایعی کوردســتان)دا بلاْودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لـە رۆژی (**٦/١١/٢٠٠٦**)ی زایینی لـە **هەولێر** دەرچووە
بەرامبەر **١٥ / گەلاْڕیزان /٢٧٠٦** ی کوردی

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەدەرامەتی ئـاوی دەوڵەمەنـدەو، ئـاویش بـۆ زۆربـەی بوارەکانی ژیان گرنگەو، لـە فراژوکردنـــی ( التنمیـة) ئـابووری و رێکخـستـنی پێوەنـدیکاری و سیاســەتـی نێودەوڵەتـی وئیقلیمی و ناوخۆو، گۆڕانکارییە تازە پەیدابووەکانی ولاتەکەدا رۆڵێکـی گەورە دەگێڕێ و، بەئامانجی ئەوەش کە سامانی دەرامەتی ئاو فراژوبکرێ و بەرەوچاکتر بگۆڕدرێ و، پڕ بەپێستی وە خزمەت بهێنـرێ (الاسـتخدام الامثـل) زەروورەت وەهـای پێویـست کـرد کـە وەزارەتێکی سەربەخۆو پسپۆڕ، بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو دابنرێ، جا، لەبەر ئەوانـە، ئـەم یاسـایە دانرا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ناوخۆ

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com